Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.196404

# رۆڵی ریکلام له تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی بەنموونە

نەزاکەت حسین حەمەسەعید ، ئەحمەد قادر علی

بەشی راگایاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: October, 2019
Revised:December,2019
Accepted: December ,2019

**Keywords**

رۆڵ، ریکلامی تەلەفزیۆنی، رەفتاری بەکاربەر.

**Corresponding Author**

ahmad.qadir990@gmail.com

**پوختە**

ئەو پێشکەوتن و کرانەوە بەردەوامەی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم بوارەکاندا، گەشەکردن و فراوانبوونێکی زۆری لەبواری ریکلامی تەلەفزیۆنیدا هێنایەکایەوە.لەم روانگەیەوە توێژینەوە لەسەر ئەم بارودۆخە نوێیە بووە بە پێداویستییەکی زیندووی بەردەوامی کۆمەڵگە، لە پیناوی دەرخستنی کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە.

ریکلام رەنگدانەوەی نەتەوەو کۆمەڵگەیە، هەربۆیە "دەکرێت خویندنەوە بۆ بیروبۆچوونی هەر نەتەوەیەك بکەیت لە رێگەی ریکلامەکانیەوە" (الزعبی، 2009: 30) کاریگەری ریکلام پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) شایستەی چەندین توێژینەوەیە، بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تا ئێستا بەشێوەیەکی تایبەت لێکۆڵینەوە نەکراوە لەسەر ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەریان لەسەر رەفتاری پۆشاکپۆشین تاوەکو تەلەفزیۆن و لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوانن سود لە دەرەنجام و راسپاردەکانی وەربگرن.

توێژینەوەکە بە رێبازی وەسفی / رووپێوییە، کە لە دیارترین رێبازەکانی توێژینەوەی زانستییە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و راگەیاندندا. توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند دەرەنجامێك، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1-ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر خویندکارانی زانکۆ دروستبکات ، کە پشت بەوریکلامانە ببەستن بۆ هەڵبژاردن و کرینی پۆشاکەکانیان.

2-ئەو ریکلامانەی بۆ پۆشاك دەکرێت لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە نەبووە بە بەشێك لە رەفتاری کۆمەڵایەتی و کلتووری پۆشاکپۆشینی خویندکاران.

3-هەرزانی نرخی پۆشاکە ریکلامبۆکراوەکان کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر خویندکارانی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی ، لەکاتێکدا تێرکردنی ئارەزووەکانیان کەمترین کاریگەری لەسەریان هەیە.

## پێشەکی

### 1-کێشەی توێژینەوە

پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە، کە (تا چەند ریکلامی تەلەفزیۆنەکانمان کاریگەری لەسەر رەفتاری گەنجان دروستدەکات بۆ هەڵبژاردنی شێوازی پۆشاکپۆشینیان و رووی دەرەوەیان)، کە بابەتیکی ئاڵۆزو تەمومژاویە و چۆنیتیەکەی روون نیە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەویت لە رۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) بکۆڵێتەوە. وردتر لەوە دەکۆڵێتەوە، کە کاریگەری ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان گەیشتووەتە ئاستی دروستکردنی رەفتاریك لای بەکاربەر، کە رەفتاری پۆشاکپۆشینە یاخود نا.

## 2 گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەدا دەردەکەویت:

گرنگیدانە بە بواریکی وردی کاریگەری ریکلامی تەلەفزیۆنی، کە رەفتاری پۆشاکپۆشینە، جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە بەگشتی توێژینەوەیان لەسەر رەفتاری بەکاربەرکردووە.

تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کومپانیاکانی بەرهەمهێنی ریکلامی تەلەفزیۆنی و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سود لە ناوەڕۆک و دەرەنجام و راسپاردەکانی وەربگرن.

## 3 ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە مەبەستەکان ڕووندەکاتەوە، هەموو هەنگاوێکی بەشەکانی توێژینەوە بەشێوەیەکی ورد و ڕۆشن دیاریدەکات و تەواوی زانیاریە بێبایەخەکان دوور دەخەنەوە، (بۆکانی،2016: 49-50). هیچ توێژەرێکیش ناتوانیت بگاتە راستی و ئەنجام و بڕیاری دروست، ئەگەر پێشوەختە ئامانجگەلێکی روونی دیاری نەکردبێت، کە لە ژێر رۆشناییاندا پێیان بگات. (ألعزاوی، 1983:84).

دەتوانرێت ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتە روو:

زانینی رۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا).

دیاریکردنی ئاستی کاریگەری ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر بەباوکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو لەلای خویندکارانی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی.

دیاریکردنی پێوەری کاریگەری هەڵبژاردنی پۆشاکە ریکلامبۆکراوەکان، لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەلای خویندکارانی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی.

## 4 رێبازی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا رێبازی (وەسفی – رووپێوی) بەکارهێنراوە، کە دیارترین رێبازی توێژینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەتیش لە بواری پەروەردە و سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و راگەیاندندا، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر دیاردە و رووداوەکانی ئیستا دەکەنەوە. (بۆکانی،2016:82)

## 5 کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (خوێندکارانی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی)، وەك یەکەمین1 زانکۆی ئەهلی لە پارێزگای سلێمانی، چونکە خویندکارانی ئەو زانکۆیە توێژیکی گەنجی کۆمەڵگەن و زۆرترین بەرکەوتنیان بۆ ریکلامەکانی پۆشاك هەیە، لە هەمانکاتدا ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و رۆژنامەوانییان بەرزە و خاوەنی سەربەخۆی ئابووری خۆیانن. زۆرینەی ریکلامەکانی پۆشاك و جوانکاری جەستە، ئاراستەی ئەم توێژەی وەرگرو خویندکارانی زانکۆ دەکریت.

1- هەرچەندە پێش زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی ئایندە وەک زانکۆیەکی ئەهلی لە شاری سلێمانی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا ئەو زانکۆیە بوونی نیە- توێژەران.

## 6 سامپڵی توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە ریژەی (10%)ی خوێندکارانی (زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی) لە شاری سلێمانی، کە ژمارەیەکی زۆری خوێندکار لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە روو لەم زانکۆیە دەکەن بۆ خوێندن.

## 7 ئامرازەکانی توێژینەوە

بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان پشت بە ئامرازی فۆڕمی راپرسی بەستراوە، کە وشەی (راپرسی)، "بەزۆری بۆ وەسفکردنی شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری لە سامپڵێك لە خەڵك بەکاردێت، ئەو سامپڵە تەنها بەشێکی بچووك لەو کۆمەڵە خەڵکەی، کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت دەگرێتەوە". (شورن، 2009:13) فۆڕمی راپرسی نیمچە کراوە بەکارهێنراوە بۆ بەدەستهینانی زانیاری پێویست لە توێژینەوەکەدا.

## 8 بوار و سنوری توێژینەوە

دیاریکردنی بوارو سنوری توێژینەوە هەنگاوێکی گرنگەو چوارچێوەی توێژینەوەکە لە بازنەیەکی دیاریکراودا بۆ توێژەر دەکێشێت و کارەکانی دیاریدەکات. بوارو سنوری توێژینەوە لەم خاڵانەدا خراوەتەروو:

بواری شوێن: بریتییە لە شاری سلێمانی، کە شوینی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە.

بواری کات: بریتییە لەو ماوەیەی، کە توێژەران زانیاریەکانی توێژنەوەکەیان تیدا کۆکردووەتەوە لە قۆناغی توێژینەوە مەیدانیەکەدا، کە لە ماوەی (2016/11/20 تا 2017/1/20)ی خایاندووە.

بواری مرۆیی: بریتییە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییە.

## 9 ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

دابەشبوونی دووبارە: بۆ پۆلێنکردنی داتاکانی توێژینەوە بەکاردێت و بە ئاسانی پەیوەندی نیوان ئەو داتایانە دەردەخات. (محجوب، 1992: 217) .رێژەی سەدی: بۆ مەبەستی خستنەرووی زانیاریەکان بەشێوەی رێژەو دەرخستنی جیاوازی نێوان ئەو داتا بەدەستهێنراوانە بەکاردەهێنریت، لە توێژینەوەکەدا بۆ وەڵامی سەرجەم پرسیارو بڕگەکانی فۆڕمەکە رێژەی سەدی بەم شێوازە دەرهێنراوە:

ژمارەی وەڵامی بەدەستهاتوو بۆ هەربژاردەیەك

ڕێژەی سەدی = ------------------------------------------ × 100

کۆی گشتی وەڵامەکان

(البیاتی و اپناسیوس، 1977: 283)

## 10 توێژینەوەکانی پێشوو

### 10. 1 توێژینەوە کوردستانیەکان

یەکەم: توێژینەوەی ظاهر محمدامین صابر، 2014 (ڕۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنی لە هاندانی رەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا) (صابر، 2014).

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، کە "ریکلامی تەلەفزیۆنی هانی بەکاربەر دەدات بۆ کڕینی کاڵا؟ تا چەند کەناڵە کوردییەکان گرنگی بە ریکلام دەدەن؟". گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، کە سامپڵی توێژینەوەکە تاڕادەیەک بایەخ بە ریکلامی تەلەفزیۆنی دەدەن، ریکلام کاریگەرییەکی رێژەیی لەسەر رەفتاری بەکاربەر هەیە.

دووەم: توێژینەوەی نەزاکەت حسین حمەسعید و هەردەوان نەقشبەندی، 2014 (کاریگەری ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان لەسەر رەفتاری کڕین) (حمەسعید و نەقشبەندی، 2014).

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی رۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنی و کاریگەری لەسەر رەفتاری کڕیار. گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، کە خوێندکارانی زانکۆ بایەخ بە ریکلامی تەلەفزیۆنی نادەن، رێژەی راستگۆیی لە ریکلامەکاندا کەمە.

### 10. 2 توێژینەوە عەرەبییەکان

سێیەم: توێژینەوەی سهاد عدنان جلوب ألمطيرى 2006 (الاعلان فى القنوات العربيه والاتجاهات الاستهلاكيه للجمهور العراقى) (ألمطيرى،2006).

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی رێژەی تەماشاکردنی کەناڵی (ألعراقييه) لەلایەن بینەری عێراقییەوەو دیاریکردنی رێژەی ئەو ریکلامانەی، کە زۆرترین کات بینەرەکان لە کەناڵی ناوبراوەوە تەماشای دەکەن. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەشتووەتە ئەو دەرەنجامانەی، کە: زۆربەی جۆرەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی لە کەناڵی (ألعراقييه) زیادەڕۆیی تێدایە. بەکارهێنانی رەنگە سەرنجڕاکێشەکان کاریگەری خێراتری هەیە لە گەیاندنی پەیامی ریکلام وکاریگەریدانان لەسەر وەرگران.

چوارەم: توێژینەوەی أياس سمير اسماعيل صمد، 2011 (تأثير الاعلان الاذاعى على اتخاذ القرار الشرائى لدى طلبه الجامعات بمحافظات غزه). (صمد 2011)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کاریگەری ریکلامی رادیۆی ناوچەیی لەسەر بڕیاری کڕین لای خوێندکارانی زانکۆ، کاریگەربوونی خوێندکارانی زانکۆ بە ریکلامی رادیۆیی لە روانگەی تایبەتمەندی کەسێتییانەوە. توێژەر گەشتووە بەو دەرەنجامەی کە ناوی رادیۆو توانای پێشکەشکردنی لە (پەخش و ناوبانگ و روونی دەنگەکەیەوە) لەگەڵ ناوەڕۆک و کات و ماوەی ریکلامەکەوە کاریگەری ئەرێنییان لەسەر وەرگر هەبووە.

پێنجەم: توێژینەوەی محمد صالح مفتوح، 2013 (تأثير الاعلان على سلوك المستهلك النهائي). (مفتوح 2013)

گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە دەرخستنی پێگەی ریکلام و رۆڵی لە گۆڕینی ئاراستەی بەکاربەری جەزائیری لەسەر کەلوپەلە ریکلامبۆکراوەکان، زانینی چۆنیتی کاریگەربوونی بەکاربەری جەزائیری بە ریکلامەکان. گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە ئەوەیە کە جیاوازیی رێژەی کارلێکی بەکاربەری جەزائیری بۆ ریکلامەکان بەپێی جیاوازیی ئامرازی ریکلامکردنەکەیە، بەجۆرێك لای بەکاربەری جەزائیری تەلەفزیۆن گرنگترین ئامرازی بەکارهێنراوە بۆ ریکلامکردن.

## 11 تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو کاریان لەسەر کاریگەری ریکلامی تەلەفزیۆنی لەسەر رەفتاری بەکاربەرو دەرهاویشتەکانی بە شێوەیەکی گشتی کردووە لەگەڵ رادەی گرنگیدانی بینەران بە ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان. ئەو دەرەنجامانەی، کە توێژینەوەکانی پێشوو پێیان گەشتوون، ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان کاریگەریان لەسەر رەفتاری بەکاربەر هەیە بۆ کڕینی کاڵاو شمەکەکان و شێوازی رەفتارو کاروباری رۆژانەیان و دروستکردنی رەفتاری نوێ لەلایان.

جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لەوەدایە، کە کار دەکات لەسەر دیاریکردنی کاریگەری ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر رەفتاری کڕینی پۆشاك و بەباوکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو لە رێگەی ریکلامی تەلەفزیۆنییەوە.

## 12 پێناسەکردنی چەمکەکان

یەکەم/ رۆڵ: بریتییە لەو چالاکی و هەوڵ و کۆششەی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك دەیدەن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجێك، لە رێگەیەوە کاریگەری دروستدەکەن بەو جۆرەی کە خۆیان مەبەستیانەو لە بەرژەوەندیاندایە.

دووەم/ ریکلام: بریتییە لە چالاکیەك لەلایەن تاکەکەس، یان گرووپێکەوە بەمەبەستی خستنەڕووی کاڵاو خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو، لە رێگەی ئامرازێکی راگەیاندنەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و لەبەرچاو لە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراودا، بە مەبەستی بڕواپێهێنانی وەرگر و ئەنجامدانی رەفتاری کڕین و بەرکاربردن لەلایەن جەماوەرەوە.

سێیەم/ رەفتار: چالاکیەکە گوزارشت لە بیروبۆچوون و تێروانینی مرۆڤ دەکات بۆ شێوازی ژیان و بەڕێکردنی، واتە سەرجەمی ئەو پەیامانەی وەریدەگرێت بەشێوەیەکی ناوەکی یان دەرەکی بەرجەستەیان دەکات، بەو شێوەیەی کە خۆی مەبەستییەتی.

چوارەم/ پۆشاك: بەرگێکە جەستەی مرۆڤ دادەپۆشێت و لە کاریگەرییە خراپەکانی کەشوهەوا دەیپارێزێت، سیماو شێوەیەکی

جوانیش بە رووکاری دەرەوەی دەبەخشێت، رەنگدەرەوەی باری ئاییني و كۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافی نەتەوەو ناوچەی نیشتەجیبوونیەتی.

**پێنجەم/** رەفتاری بەكاربەر: هەڵسوكەوتێكی دیاریكراوە لە ئەنجامی كاریگەربوونی تاك بە پەیامیكی دیاریكراو، بڕیار لەسەر بەكاربردنی بەرهەمێكی دیاریكراو دەدات، واتە دەرهاویشتەی بڕیارێكە، كە پێشتر دەركراوە، كە ئەو هەڵسوكەوتەی لێوە سەرچاوە دەگرێت.

بەپشتبەستن بە هەریەك لە پێناسەی رەفتاری بەكاربەرو پۆشاك، دەتوانین بڵێین:

رەفتاری پۆشاكپۆشین جۆرێكە لە جۆرەكانی رەفتاری مرۆڤایەتی، كە تاك پێی هەڵدەستێت بەمەبەستی پاراستنی جەستەی لەو مەترسیانەی رووبەڕووی دەبیتەوە، هەروەها خۆڕازاندنەوەو دەرخستنی جوانی جەستەی لە لای كەسانی دەورووبەریدا بەهۆی ئەو پۆشاكەی لەبەریدەكات.

## 1 چەمك و پیناسەی ریكلام

ریكلام لەوە دەرچووە تەنها لە بواری راگەیاندندا توێژینەوەی لەسەر بكرێت، بەڵكو لە بوارەكانی دیكەی وەك (ئابووری و كۆمەڵناسی و دەروونناسی و بازاڕكاری و تەنانەت زمانەوانیشدا) توێژینەوەی فراوان و قوڵی لەسەر ئەنجامدەدریت، لەبەرئەوە لێكدانەوەی قوڵ و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە. لەگەڵ ئەوەشدا "ریكلام بە شادەماری سەرەكی هەر دامەزراوەیەكی راگەیاندن دادەنریت" (محمد،25:2008)

زاراوەی ریكلام لە بنچینەدا لە وشەی لاتینی (Reclamo)ەوە هاتووە، كە بە واتای دەنگدانەوە (Resound) و نارەزای دەربڕین (Protest) دێت و لە دوو بەش پێكدێت، (reo) بە واتای دووبارە، یان پاش (Back,again) و (clamo) پەیوەندی و هاوار (call,shout). (حەسەن،13:2015). بنەڕەتی وشەی ریكلام (REKLAM) بۆزمانی فەرەنسی دەگەڕیتەوە ، كە مانای هاواركردن دەگەیەنێت.(El-Ezabi,Hornby,parnby,1984:12)

(فانگ،120:2009) لە زمانی كوردیدا دەستەواژە هەیە لە بەرامبەر دەستەواژەی ریكلامەوە وەك (ئاگاداری، بانگەشە، بانگەواز، ئاگانامە، جاڕدان، جاڕنامە، داخۆیان، و رینمایی و .....هتد). (ئەحمەد،63:2016).

لە فەرهەنگی ئینگلیزی (Robert)دا ریكلام "چالاكی، یان هونەرێكە، ئامانج لێی دروستكردنی كاریگەری دەروونییە لەسەر جەماوەر، لە پێناو هێنانەدی ئامانجە بازرگانییەكاندا". (بەدەوی،97:2014). ریكلام چالاكییەكە هونەرو زانست لەخۆدەگرێت بۆ بزواندنی ئارەزووی كەسەكان و بەكاربەران بۆ كڕینی كاڵا، بەرامبەر بە بڕێك پارە بانگەشەی بۆ دەكرێت، (بەدەوی، 100:2014) ریكلام بریتییە لە بەهێزترین پەیامێك بۆ لاوازكردنی بەرگری بەرامبەر، یاخود بریتییە لە خەرجكردنی كەمترین مایە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج. (صدیق،36:2013).

لە كۆی ئەو پێناسەو شیكردنەوانەی لەلایەن زانایان و ناوەندەكانی توێژینەوەی ریكلامەوە كراوە، دەتوانین واتا

**سەرەكییەكانی ریكلام لەم خاڵانەدا كورتبكەینەوە:**

**یەكەم:** ریكلام چالاكییەكی كەسی نییە، بەڵكو كرداریكی پەیوەندیكردنی جەماوەرییە بە رێگەی ناڕاستەوخۆ لە رێگەی ئامرازەكانی پەیوەندیكردن و راگەیاندنەوە.

**دووەم:** بەگشتی ریكلام لە بەرامبەر بڕیك پارەی دیاریكراودا دەكرێت، كە لەلایەن كۆمپانیا خاوەن بەرهەم و خزمەتگوزارییەكانەوە بۆ دەزگای ریكلامكار دابین دەكرێت، واتە خاوەن سروشتیكی بازرگانییە.

**سێیەم:** ئامانجی سەرەكی ریكلام بریتییە لە دروستكردنی كاریگەری و بڕواپێهینانی جەماوەرو دروستكردنی پێداویستی و ئارەزووی وەرگر بۆ بەرهەمەكان، بۆ ئەمانەش پەنا دەباتە بەر بەكارهێنانی زیادەڕەوی.

چوارەم: پەیامی ریكلام هەڵگری دوو واتاو ناوەڕۆكە، لەلایەك پەیامەكە ئاراستەی عەقڵ دەكرێت و دەیەویت بە بەڵگەی عەقڵی پەیامەكان بگەیەنێتە وەرگر، لە هەمانكاتدا هەوڵدەدات لە رێگەی هەست و سۆزەوە پیویستبوونی جەماوەر بەو بەرهەمە بهێنێتەكایەوە.

## 2 .2. ریكلامی تەلەفزیۆنی

ریكلامی تەلەفزیۆنی گوزارشتە لەكۆمەڵێك زانیاری پەیوەست بە شمەك و بەرهەمی خزمەتگوزاری، كە كەناڵێكی تەلەفزیۆنی لە چوارچیوەی بەرنامەیەكدا، بە جۆرو شێوازی جۆراوجۆر لە پێناو بەبازاڕكردنی بەرهەمەكەدا پەخشیدەكات، (العزیز واخرون،2002: 118)، یاخود "پەیامیكە بۆ فرۆشتنی كاڵاو خزمەتگوزاری بۆ كۆمەڵە خەڵكیكی دیاریكراو لە بەكاربەر، لەرێگەی ئامرازی تەلەفزیۆنەوە بەرامبەر كرێیەكی دیاریكراو بڵاودەكرێتەوە"، (العالم،1998: 13)، یان "بریتییە لەو چالاكییەی پەیامی ریكلامی بینراو و بیستراو بە جەماوەر پیشكەشدەكات، بۆ راكیشانی سەرنجیان لەپێناو كڕینی كاڵایەك، یان خزمەتگوزارییەك لەبەرامبەركرێیەكی دیاریكراو". (عبدالفتاح،1986: 527)

تاییبەتمەندی سەرەكی تەلەفزیۆن، كە لە ئامرازەكانی دیكەی پەیوەندیكردنی جیادەكاتەوە "لە رووی راپەڕاندنیەوە ئەوەیە، كارەكانی بەشێوەی گرووپ و بەكۆمەڵ ئەنجامدەدریت"، (حمیدی، 2010: 32) (ستانتۆن) ئەم كاری بەكۆمەڵەی لە تەلەفزیۆندا دەرخستووە، كە دەڵێت ریكلامی تەلەفزیۆنی "هەموو جۆرە چالاكییەكە بەشێوەی كۆمەڵ پێشكەشدەكرێت و بە رێگەیەكی گشتی نەك تاكی، بینراو بیستراو لە رێگەی پەیامێكی دیاركراو لەلایەن ریكلامكارەوە پەیوەست بەكاڵا یان خزمەتگوزارییەك". (Stanton,1993: 34)

بەشێکی زۆری بینەران پێیانوایە "ریکلامی تەلەفزیۆنی تەنها چالاکییەکی بازرگانییەو بە فرۆشتنی بەرهەمەکانەوە پەیوەستە"، (الشمیمری،2010: 127)، هەرچەندە ئەم بۆچوونە قبوڵکراو نیە، بەڵام "ریکلامی تەلەفزیۆنی خاوەن دوو روانگەیە، یەکەمیان پەیوەست بە بەرهەمەکەوەو دووەمیان پەیوەست بە بەهاو رەفتارە کۆمەڵایەتی وکلتووریەکانەوە" (الشمیمری،2010: 127)

لە کۆی ئەو پێناسانە، دەگەینە ئەوەی، کە ریکلامی تەلەفزیۆنی:

لە سایەی ئامرازە تەکنەلۆژیەکەیدا هەردوو رەگەزی دەنگ و رەنگ بە وشەو وێنەی جوڵاوەوە پێشکەشی بینەران دەکات، بەمەش کاریگەری زیاتر دروستدەکات.

بەهۆی پەخشی فراوانەوە ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری جەماوەر دەکرێت لەیەک کاتدا.

کارێکە بەکۆمەڵ دەکرێت، نەک بە تاک.

کاردانەوەی بەکاربەر لەسەر رادەی وەرگرتنی ریکلامەکەو کاریگەربوون پێی تێیدا دەردەکەویت.

ریکلامی تەلەفزیۆنی، بەشێوەیەکی سەرنجراکیش و خەیاڵاوی پەیامەکان بە بینەران دەگەیەنێت.

## 2. 3. رەفتاری بەکاربەر (السلوك الاستهلاكي)

رەفتاری بەکاربەر بریتییە لە تێرکردنی ئارەزووەکانی تاك لە شمەك و خزمەتگوزاری بە رێگەیەکی دوور، بە جۆرێکی سەرەکی رەفتاری مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە هەموومان بەرجەستەی دەکەین بەسەرجەم شێوە جیاوازو ئاستەکانی ژیانەوە، گوزارشتە لە پوختەی کاری کرینی شمەك و خزمەتگوزاری. (حجاب،2004: 286)

"کۆی ئەو کردەوەو هەڵسوکەوتە راستەوخۆو ناراستەوخۆیانەیە، کە تاك پێی هەڵدەستێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی شمەك و خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، (الزعبی،2009: 90) لە قۆناغەکانی پرۆسەی بەکاربردن، یاخود کڕیندا، (أبو طعیمە،2007: 160)

هەریەك لە (د.شفیق ابراهیم الحداد و د.نظام موسی السویدان) پێیان وایە رەفتاری بەکاربەر "لایەنێکە لە لایەنەکانی رەفتاری مرۆیی، گوزارشتە لەو رەفتارانەی تاك ئەنجامی دەدات لە پلاندانان و کرینی کاڵاو بەکارهێنانی، واتە پێش کرین و لەکاتی کرین و دوای کرینی". (الحدادو السویدان، 1998: 24)

ئابووریناسان رەفتاری بەکاربەر بەبری داهاتەوە پەیوەستدەکەن و پییانوایە:"بەکاربەر کەسێکە خاوەن ئامانجێکی ئابوورییە بۆ بەکاربردنی شمەك و سودوەرگرتنی لە خزمەتگوزارییەکان، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین سودی گونجاو".(أبو سمرە،2009: 103)

تاك پیویستی بەزانیارییە لەبارەی ئەو کاڵاو شمەکانەی، کە پێویستی پێیەتی و شیکردنەوەی زانیارییەکان و هەڵبژاردنی گونجاوترینیان، لێرەوە کریار هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو کاڵایانەی، کە پێداویستی و ئارەزووەکانی تێردەکەن و پریدەکەنەوە بەپێی توانای دارایی و کاتی بەردەستی بۆ کرداری کرین، ئەمەش دەرەنجامی کۆتایی بریاری کرینە. دواجار ئەگەر ئەو کاڵایە پێداویستی کریاری تێرکرد، ئەوا دووبارەی دەکاتەوە، بەپێچەوانەشەوە بەدوای جۆرێکی دیکەی کاڵاو شمەکدا دەگەرێت. (WWW.Qafila.Com,2016)

زۆرێك لە توێژەران و پسپۆران وایدەبینن، بەکاربەر کاتێك رەفتار دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمەی دەیەوێت لەنێوان ئەو ژمارە زۆرەی بەرهەمەکاندا، پرۆسەیەکی عەقڵانی هەستیارە. (مصطفی،2004: 31)

کەواتە رەفتاری بەکاربەر "کارلێکی پاڵنەرە ناوەکی و دەرەکییەکانە بەهۆی کۆکردنەوەو وەرگرتن و شیکردنەوەی زانیاری راستەوە، بەمەبەستی هەڵبژاردنی گونجاوترین بەرهەم لەنێوان ژمارەیەکی زۆری بەرهەمدا بە ئامانجی پرکردنەوەی پیداویستی و تێرکردنی ئارەزووەکان". (الزعبی،2009: 92)

## 3. 1 لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی، وەك زانکۆیەکی ئەهلی لە پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی (2008) دامەزراوە، هەرچەندە تەمەنی ئەم زانکۆیە بەراورد بە زانکۆی ئەمریکی لە عیراق/ سلێمانی کەمترە، بەڵام لە رووی ئاستی زانکۆکەوە لە ریزبەندی نیشتیمانی زانکۆ ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەی خویندکارانەوە لە پلەی یەکەمی زانکۆ ئەهلیەکانی پاریزگای سلێمانیدایە،

هۆکاری دووەمیش، کە زۆری ژمارەی خویندکارانی زانکۆکەیە، پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ هەڵبژاردنی وەك سامپڵی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرانەوە، جگەلەوەی بەهۆی بوونی چەند خزمەتگوزارییەك بۆ خوێندکاران، لەسەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگەوە خوێندکاران بەمەبەستی خویندن روو لەم زانکۆیە دەکەن، کە لەرووی ئاستی داراییەوە هەمەچەشنەن، بە گشتی تێچووی خویندن لە زانکۆی گەشەپیدانی مرۆییدا لە ئاستێکی ناوەندیدایە، وەك لە ئەنجامی پرسیاری داهاتی خێزانی بەشداربووانی توێژینەوەکەوە دەردەکەوێت.

## 3. 2 خستنەرووی ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان

لەم بەشەدا کاری مەیدانی توێژینەوەکە خراوەتە روو، پاش دروستکردنی فۆرمی راپرسی، بەشێوەیەکی مەیدانی، لە ماوەیەکی دیاریکراودا پرۆسەی راپرسییەکە لە هەردوو کەمپی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی لە شاری سلێمانی و قەزای قەرەداغ ئەنجامدرا.

" بۆ ساڵی خوێندنی (2016-2017) ژمارەی خوێندکارانی ئەم زانکۆیە (4187) خویندکار دەبن"،

لەسەر بنەمای (2 : 2017rebwar.mahmood@uhd.edu.iq) "ژمارەی خەمڵینراوی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ڕێبازی وەسفی لەنیوان (1000-10000) ئەندام، ڕێژەی (10%)ی ئەندامانی ئەو سامپڵە وەردەگیرێت". (بۆکانی، 2016: 129)

بەو پێیە (450) فۆڕم بەشێوەی سامپڵی چینایەتی دابەشکراوە، ئەو بڕە زیادەیەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەگەری هەر کەم و کورتی و وەڵامنەدانەوەو نەگەڕاندنەوەی فۆڕمێك دابەشکراوە، لەو ڕێژەیە (437) فۆرم گەڕێنراوەتەوە، بەڵام (420) فۆڕمیان مەرجە پیویستەکانیان تیدابووە بۆ ئەوەی زانیاریان لێوەربگیرێت و کاریان لەسەر بکرێت.

فۆڕمی ڕاپرسی پیکهاتووە لە (١٥) پرسیار، کە لە چوارچیوەی (١٥) خشتەدا خراونەتەڕوو.

## دەرەنجامەکان

تا ئێستا تەلەفزیۆن نەبووەتە سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و دانانی پلانی ژیانی ڕۆژانە بۆ وەرگرەکانی لە بواری پۆشاکپۆشیندا، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ئەو ریکلامانە پێداویستی وەرگرەکانیان لە پێدانی زانیاری پێویست سەبارەت بەو کاڵاو شمەك و پۆشاکانەی پێویستیان پێیەتی پرناکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا بەکاربەر پشت بەو ریکلامانە دەبەستێت کە لە ناوخۆیاندا باوە، "گواستنەوە لە ڕێگەی دەمەوە".

ئەو پۆشاکانەی ریکلامی بۆ دەکرێت لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە نەبووەتە مایەی باسکردنی لەناو خوێندکاراندا لە زانکۆ، بەجۆریك کاریگەریان لەسەر دروست بکات بۆ کرین و بەکاربردنی ئەو پۆشاکە ریکلامبۆکراوانە.

ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان کاریگەری لەسەر خەرجی خوێندکارانی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی دروستکردووە، بەڵام ئەو ڕێژەیە کەمترە لە نیوە.

دەرکەوتنی کەسایەتی و هونەرمەند و پیشکەشکاری هەواڵ و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، کاریگەری پێویستی نەکردووەتە سەر خوێندکاران، ئەوەش دەریدەخات کە ڕۆشنبیری پۆشاکپۆشین لای کورد بوونی نیە، یاخود لاوازە، چ لەلای نێرەری پەیامەکان بێت یان لای وەرگرەکان.

## ڕاسپاردەکان

تەلەفزیۆنە کوردییەکان کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ریکلامی پۆشاك بکەن لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕۆیی و فریودانی وەرگر، بۆ گێڕانەوەی متمانەی وەرگر بە ریکلامی تەلەفزیۆنی.

تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی ڕەچاوی ڕەگەزی کات بکەن لە ریکلامە تەلەفزیۆنییەکاندا، لە ڕووی دووبارەکردنەوەو کاتی بڵاوکردنەوەو درێژی کاتی ریکلامەکانەوە. هاوسەنگی ڕاگرتن لەگەڵ توانای وەرگر بۆ تەماشاکردنی ریکلامەکان.

تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە ڕێگەی فیلم و دراماو ناوبرو تەنانەت ریکلامی بەرهەمەکانی دیکەوە دەتوانن ریکلام بۆ پۆشاکێکی دیاریکراو بکەن و بیکەن بە مۆدێل لەلای وەرگر. شێوازی پۆشاکپۆشینی پێشکەشکارو میوانی بەرنامەو ئەکتەری دراماو فیلمەکان ڕێکبخرێت و بکرێت بە ریکلامێک بۆ پۆشاکێکی دیاریکراو.

تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکانی بواری ڕاگەیاندن و ریکلام بەرنامەی تایبەت لەسەر ڕۆشنبیری پۆشاک و ئەتەکێتی پۆشین ئامادەو بڵاوبکەنەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### فەرهەنگەکان


1. حجاب ، ألدکتور محمد منير (2004): المعجم الاعلامی، گبعه الاولی،دار الفجر للنشر والتوزیع، القاهره.


### کتیبەکان

### یەکەم: کتیبە کوردییەکان


1. ئەحمەد، د.بەهادین (2016): پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی قەیران، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
2. بەدەوی، دکتۆر محمد علی (2014): لیکۆڵینەوەی سیۆ سیۆ میدیایی، وەرگێڕانی: مەم بورهان قانع، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
3. بۆکانی، د.سابیر (2016): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
4. حمیدی، عاصف (2010): کارکردن لە تەلەفزیۆن، وەرگێڕانی: حکیم عوسمان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
5. شورن، فریتز (2009): ڕاپرسی چی یە، وەرگێڕانی: مەجید صالح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6. فانگ، ئیرڤینگ (2009): میژووی هۆیەلی ڕاگەیاندن (شەش شۆڕشی زانیاری)، وەرگێڕانی: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
7. محمد، بەهادین أحمد (2011): ریکلام و پەیوەندی گشتی و بازارکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.


### دووەم: کتێبە عەرەبییەکان


1. أبوسمرە، محمد (2009): أدارە الاعلان التجاری، طبع الاولی، دار اسامە للنشر والتوزیع، الاردن-عمان.


[2] - ئیمەیڵی (د.ڕێبوار کریم محمود) بەڕێوەبەری تۆمارگای گشتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

2. أبوطعيمه، الدكتور حسام فتحى (2007): الاعلان والسلوك المستهلك بين النظريه والتطبيق، الطبع الاولى، دار الفاروق، الاردن-عمان.

3. ألبياتى، عبدالجبار توفيق و اثناسيوس، زكريا (1977): ألاحصاء الوصفى والاستدلالى فى التربيه وعلم النفس، مطبعه الثقافة العالمية، بغداد.

4. الحداد، د.شفيق ابراهيم و السويدان، د.نظام موسى (1998): اساسيات التسويق، دار المكتبه حامد للنشر والطبع، عمان.

5. الزعبى، د.على فلاح (2009): اداره الترويج والاتصالات التسويقية، دار الصفاو للنشر والتوزيع، عمان.

6. الشميمرى، فهد عبدالرحمن (2010): التربيه الاعلامية (كيف نتعامل مع الاعلام)، طبع الاولى مكتبه ملك فهد الوطنيه،ألرياض.

7. العالم، د.صفوت (1998): عمليه الاتصال الاعلانى، الطبعة الثالثة، دار النهضه المصرية، القاهرة.

8. عبدالفتاح، د.محمد سعيد (1986): التسويق، المكتبه العربيه الحديثة، القاهرة.

9. العزيز، د.سامى و العالم، د.صفوت و الحفناوى، د.نهله (2002): فن الاعلان، مطبعه جامعه القاهرة، القاهرة.

10. محجوب، د.وجيه (1992): طرائق البحث العلمى و مناهجه، دار الحكمه للطباعه والنشر،بغداد.

11. مصطفى، الدكتور محمد محمود (2004): الاعلان الفعال (تجارب محليه ودولية)، الطبع الاولى،دار الشروق للنشر والتوزيع، الاردن-عمان.

## سێیەم: کتیبە ئینگلیزییەکان

1. William G. Zikman and Michael Diamico Stanton (1993): Fundamentals Of Marketing, hillbook Company, Mc Grow ,Tokyo.

## تێزی دکتۆرا

1. حەسەن ، فەرهاد تۆفیق (2015): زمان لە ریکلامی کوردیدا، تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، بەشی کوردی.

2. احمد، د.بهاالدين (2016) توظيف الانترنيت لانشطه العلاقات العامة فى ألؤسسات الاعلامية، دراسة دكتورا منشوره، الطبعه الاولى، مكتبة زين الحقوقيو والادبيه ش.م.م.، لبنان-بيروت.

3. حسن، هيمن مجيد (2011): البرامج السياسيه فى الفضائيات الكوردية و دورها فى تشكيل الوعى السياسى للجمهور، دراسه دكتورا غير المنشوره، كليه العلوم الانسانية، جامعه السليمانية، قسم الاعلام.

## نامەی ماستەر

1. صابر ، ظاهر حمدامين (2014): رۆڵی ریکلامی تەلەفزیۆنی لە هاندانی رەفتاری بەکاربەر بۆ کرینی کاڵا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحدین، بەشی راگەیاندن.

2. الجرجاوى، عزة حلمى عوض (2005): دور الاعلان التلفزيونى فى ألتأثير على السلوك الشرائى- دراسه تحليليه ميدانية، رساله ماجستير غير منشوره، كليه الاداب، جامعه الاسكندرية، الاسكندرية.

3. حسين ، اميد محمد (2015): تحليل الاقتصادى لاثر الاعلان التجاري فى سلوك المستهلك، رساله ماجستير غير منشوره، كليه الاداره والاقتصاد، جامعه السليمانيه، قسم الاقتصاد.

4. الرباعى، أمنه على (2008): الاعلان التلفزيونى و السلوك الاستهلاكى،دراسة المسحية، رساله ماجستير غير منشوره، كليه الاداب، جامعه الشرق الاوسط للدراسات العليا، اربد.

5. صمد ، أياس سمير اسماعيل (2011): تأثير الاعلان الاذاعى على اتخاذ القرار الشرائى لدى طلبه الجامعات بمحافظات غزه، رساله ماجستير غير منشوره، كليه الاقتصاد والعلوم الادارية، جامعة الازهر، قسم اداره الاعمال، غزة.

6. محمد ، سلام نصرالدين (2008): اتجاهات الجمهور الكوردي ازاء الاعلانات التجارية فى القنوات التلفزيونيه الكوردييه، رساله ماجستير غير منشوره، كليه علوم الانسانية، جامعه السليمانية ، قسم الاعلام.

7. المطيرى، سهاد عدنان جلوب (2006): الاعلان فى القنوات العربيه والاتجاهات الاستهلاكية للجمهور العراقى، رسالة ماجستير غير منشوره، كليه الاعلام، جامعة بغداد.

8. مفتوح ، محمد صالح (2013): تأثير الاعلان على سلوك المستهلك النهائى، رساله ماجستير غير منشوره، كليه العلوم الاقتصادية و تجارية والعلوم التيسير، جامعة قاصدى مرباح، قسم العلوم التجارية، ورقله.

## گۆڤارەکان

1. حەمەسعید، نزاکەت حسین و نەقشبەندی، هەردەوان محمود کاکە شیخ، کاریگەری ریکلامە تەلەفزیۆنییەکان لەسەر رەفتاری کرین، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە 3، 2015.

## پێگە وپۆستی ئەلیکترۆنی

(WWW.Qafila.Com, 2016)) الاعلان الاليكترونى وسلوك المستهلك،

(8-12-2016: rebwar.mahmood@uhd.edu.iq) ئیمەیڵی ریبوار کریم محمود – بەرێوەبەری تۆمارگای گشتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

(10-1-2017: najat.hassan@uhd.edu.iq)ئیمەیڵی (نەجات حەسەن عبدالکریم قەرەداغی) بەرێوەبەری راگەیاندن و رووناکبیری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

### خشتەی ژمارە (1) تەمەنی بەشداربووان دەخاتەڕوو

| تەمەن | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| 17- 26 ساڵ | 148 | %٧٠.٥ | 186 | %٨٨.٥ | 334 | %٧٩.٥ |
| 27- 36 ساڵ | 60 | %٢٨.٥ | 22 | %١٠.٥ | 82 | %١٩.٥ |
| 37 ساڵ زیاتر | 2 | %1 | 2 | %1 | 4 | %1 |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

### خشتەی ژمارە (2) ڕەگەزی بەشداربووان دەخاتەڕوو

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 210 | %50 |
| مێ | 210 | %50 |
| کۆی گشتی | 420 | %100 |

### خشتەی ژمارە (٣) داهاتی مانگانەی بەشداربووان بە دیناری عێراقی دەخاتەڕوو

| داهات | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| کەمتر لە 500 هەزار | 56 | %٢٦.٧ | 54 | %٢٥.٧ | 110 | %٢٦.٢ |
| 500- 999 هەزار | 116 | %٥٥.٢ | 104 | %٤٩.٥ | 220 | %٥٢.٤ |
| یەك ملیۆن - دوو ملیۆن | 28 | %١٣.٣ | 38 | %١٨.١ | 66 | %١٥.٧ |
| دوو ملیۆن زیاتر | 10 | %4,8 | 14 | %6,7 | 24 | %5,7 |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

### خشتەی ژمارە (٤) تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە ڕۆژێکدا بە کاتژمێر لەلایەن بەشداربووانەوە دەخاتەڕوو.

| ماوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| کەمتر لە یەك کاتژمێر | 63 | %30 | 64 | %٣٠.٥ | 127 | %٣٠.٣ |
| 1 – 2 کاتژمێر | 106 | %٥٠.٥ | 93 | %٤٤.٢ | 199 | %٤٧.٤ |
| 3 – 5 کاتژمێر | 36 | %١٧.١ | 44 | %21 | 80 | %19 |
| 6 کاتژمێر زیاتر | 5 | %2,4 | 9 | %4,3 | 14 | %3,3 |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (٥) بەردەوامبوونی بەشداربووان لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەکاتی ریکلامەکاندا دەخاتەڕوو.**

| تەماشاکردنی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 84 | %40 | 70 | %٣٣.٣ | 154 | %٣٦.٧ |
| هەندێکجار | 126 | %60 | 140 | %٦٦.٧ | 266 | %٦٣.٣ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (٦) پەیوەندی پشتبەستنی بەشداربووان بە ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بۆ کڕینی پۆشاکەکانیان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 27 | %١٢.٩ | 26 | %١٢.٤ | 53 | %١٢.٦ |
| تاڕادەیەک | 23 | %١٠.٩ | 24 | %١١.٤ | 47 | %١١.٢ |
| نەخێر | 160 | %٧٦.٢ | 160 | %٧٦.٢ | 320 | %٧٦.٢ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (٧) پەیوەندی ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەری لەسەرهەڵبژاردنی جۆری پۆشاکی بەشداربووان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 48 | %٢٢.٩ | 40 | %19 | 88 | %21 |
| تاڕادەیەک | 28 | %١٣.٣ | 26 | %١٢.٤ | 54 | %١٢.٨ |
| نەخێر | 134 | %٦٣.٨ | 144 | %٦٨.٦ | 278 | %٦٦.٢ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (٨) پەیوەندی ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و هاندانی بەشداربووان بۆ گەڕان بەدوای ئەو پۆشاکانەو بەدەستهێنانیان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 56 | %٢٦.٧ | 58 | %٢٧.٦ | 114 | %٢٧.١ |
| تاڕادەیەک | 21 | %10 | 20 | %9,5 | 41 | %9,8 |
| نەخێر | 133 | %٦٣.٣ | 132 | %٦٢.٩ | 265 | %٦٣.١ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (٩) پەیوەندی کاریگەری ریکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەررەفتاری پۆشاکپۆشینی بەشداربووان لەرووی جۆری مۆدیل و دیزاین و هەڵبژاردنی رەنگەوە دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 72 | %٣٤.٣ | 69 | %٣٢.٨ | 141 | %٣٣.٦ |
| تاڕادەیەک | 25 | %١١.٩ | 24 | %١١.٤ | 49 | %١١.٧ |
| نەخێر | 113 | %٥٣.٨ | 117 | %٥٥.٨ | 230 | %٥٤.٧ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (١٠) پەیوەندی دەرکەوتنی پێشکەشکاری هەواڵ و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و کەسایەتی و هونەرمەندان، لە گۆرانی و فیلم و ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا بەپۆشاکێکی دیاریکراوەوە کاریگەری لەسەررەفتاری پۆشاکپۆشینی بەشداربووان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بووونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | ٧٢ | %40 | ٦٥ | %٢٨.٥ | ١٣٧ | %٣٤.٣ |
| تاڕادەیەک | ٣٠ | %١٣.٨ | ٣٠ | %١٢.٨ | ٦٠ | %١٣.٣ |
| نەخێر | ١٠٨ | %٤٦.٢ | ١١٥ | %٥٨.٧ | ٢٢٣ | %٥٢.٤ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (١١) پەیوەندی بینینی پۆشاکە ریکلامبۆکراوەکانی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەبەری کەسانی دەوروبەردا، وەك یەكێك لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانە دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 70 | %٣٣.٣ | 44 | %21 | 114 | %٢٧.١ |
| تاڕادەیەک | 31 | %١٤.٨ | 37 | %١٧.٦ | 68 | %١٦.٢ |
| نەخێر | 109 | %٥١.٩ | 129 | %٦١.٤ | 238 | %٥٦.٧ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (١٢) پەیوەندی ریکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان و کاریگەری لەسەرزیادبوونی خەرجی بەشداربووان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 72 | %٣٤.٣ | 74 | %٣٥.٢ | 146 | %٣٤.٨ |
| تاڕادەیەک | 28 | %١٣.٣ | 26 | %١٢.٤ | 54 | %١٢.٩ |
| نەخێر | 110 | %٥٢.٤ | 110 | %٥٢.٤ | 220 | %٥٢.٤ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (١٣) پەیوەندی گونجاوی پۆشاك لەگەڵ کلتووری کۆمەڵگەو کاریگەری زیاتری لەسەر بەشداربووان لە ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 97 | %٤٦.٢ | 80 | %٣٨.١ | 177 | %٤٢.١ |
| تاڕادەیەک | 40 | %19 | 43 | %٢٠.٥ | 83 | %١٩.٨ |
| نەخێر | 73 | %٣٤.٨ | 87 | %٤١.٤ | 160 | %٣٨.١ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (١٤) پەیوەندی تێرکردنی ئارەزووەکان و کاریگەری زیاتری لەسەربەشداربووان لە ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 65 | %31 | 60 | %٢٨.٦ | 125 | %٢٩.٨ |
| تاڕادەیەک | 35 | %١٦.٦ | 47 | %٢٢.٤ | 82 | %١٩.٥ |
| نەخێر | 110 | %٥٢.٤ | 103 | %49 | 213 | %٥٠.٧ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |

**خشتەی ژمارە (١٥) پەیوەندی گونجاوی پۆشاك لەگەڵ کاری ڕۆژانەداو کاریگەری زیاتری لەسەربەشداربووان لە ریکلامی پۆشاك لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە دەخاتەڕوو.**

| بژاردەکان | نێر | | مێ | | هەردووکیان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 77 | %٣٦.٧ | 86 | %41 | 163 | %٣٨.٨ |
| تاڕادەیەک | 31 | %١٤.٨ | 39 | %١٨.٥ | 70 | %١٦.٧ |
| نەخێر | 102 | %٤٨.٦ | 85 | %٤٠.٥ | 187 | %٤٤.٥ |
| کۆی گشتی | 210 | %100 | 210 | %100 | 420 | %100 |